من شایستەترم (بەو کردەوەیە زیاتر) لە تۆ، چاوپۆشی بکەن لە بەندەکەم

لە حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بەندەیەکی خوای گەورەیان هێنا کە خودا پارە وسامانی پێبەخشي بوو»، پێی دەفەرموێت: «چی کردەوەیەکت ئەنجامدا لە دونیادا؟»، (حوزەیفە) دەڵێت: {وَلَا يَكْتُمُونَ اللَّهَ حَدِيثًا} [النساء: 42] واتە: {وە (لەو ڕۆژەدا) هیچ قسە وباسێک لە خودا ناشارنەوە}، (بەندەکە) دەڵێت: ئەی پەروەردگار سامانت پێبەخشیم، مامەڵەی کڕین وفرۆشتنم لەگەڵ خەڵکی دەکرد، یەکێک لە ڕەوشتەکانم ئەوە بوو کە لێبووردە ونەرم ونیان بووم (بەرامبەر ئەوانەی قەرزم بە لایانەوە بوو)، نەرم ونیان بووم بەرامبەر ئەو کەسەی توانای هەبوو (بۆ دانەوەی قەرزەکە)، ومۆڵەتی زیاترم دەدا بە ئەوەی توانای نەبوو (بۆ دانەوەی قەرزەکە)، خوای گەورە فەرمووی: «من شایستەترم (بەو کردەوەیە) زیاتر لە تۆ؛ چاوپۆشی بکەن لە بەندەکەم». عوقبەی کوڕی عامر وئەبو مەسعودی ئەنساڕی -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێن: بەم شێوەیە بیستمان لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (بەندەیەکی خوای گەورەیان هێنا کە خودا پارە وسامانی پێبەخشي بوو)، پەروەردگاری پرسیاری لێدەکات: (چی کردەوەیەکت ئەنجامدا لە دونیادا بەو پارەو سامانە؟، پاشان (حوزەیفە) ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە: {وَلَا يَكْتُمُونَ اللَّهَ حَدِيثًا} [النساء: 42] واتە: {وە (لەو ڕۆژەدا) هیچ قسە وباسێک لە خودا ناشارنەوە}، واتا هیچ کەسێک ناتوانێک هیچ شتێک بشارێتەوە لە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ} [النور: 24] واتە: {ڕۆژێک (دێت) زمانیان ودەست وقاچەکانیان شاهێدی دەدەن لەسەریان -لە دژیان- بەهۆی کردەوانەی کە کردوویانە}، (بەندەکە) دەڵێت: (ئەی پەروەردگار سامانت پێبەخشیم، مامەڵەی کڕین وفرۆشتنم لەگەڵ خەڵکی دەکرد)، یەکێک لەو ڕەوشتە جوانانەی لەگەڵ خەڵکی بریتی بوو لە لێبووردە بوون وئاسانکاری ووتی: (یەکێک لە ڕەوشتەکانم ئەوە بوو کە لێبووردە ونەرم ونیان بووم -بەرامبەر ئەوانەی قەرزم بە لایانەوە بوو-، نەرم ونیان بووم بەرامبەر ئەوە کەسەی توانای هەبوو -بۆ دانەوەی قەرزەکە-): واتا ئاسانکار بوو بەرامبەر ئەو کەسەی کە بە تەواوەتی قەرزەکەی نەدەدایەوە لەبەر بێ توانایی وهەرچەندێکی هەبووایە لێی وەرێدەگرت. (ومۆڵەتی زیاترم دەدا بە ئەوەی توانای نەبوو -بۆ دانەوەی قەرزەکە-): واتا ئارامگر بوو بەرامبەر ئەو کەسەی توانای نەبوو قەرزەکەی بداتەوە، بۆیە لێی خۆش دەبوو یان مۆڵەتی زیاتر پێی دەدا بۆئەوەی بتوانێت قەرزەکەی بداتەوە. خوای گەورە فەرمووی: (من شایستەترم -بەو کردەوەیە- زیاتر لە تۆ): واتا چونکە تۆ لێبووردە بوویت بەرامبەر بەندەکانم، بۆیە من شایستەترم بەوەی لێت خۆشم ببم. (چاوپۆشی بکەن لە بەندەکەم): واتا خودا بە فریشتەکان دەفەرموێت کە چاوپۆشی لێبکەن وسزای مەدەن وگوناهەکانی لەسەر لابەن؛ بۆیە خودا لە هەموو گوناهەکانی خۆش دەبێت بەهۆی لێبووردە بوون وجوانی مامەڵەکردنی لەگەڵ بەندەکانی خوای گەورە، پاداشتی چاکە چاکەیە. عوقبەی کوڕی عامر وئەبو مەسعودی ئەنساڕی -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێن: (بەم شێوەیە بیستمان لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-): واتا ئەوەی حوزەیفە گێڕایەوە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوانیش بەهەمان شێوە بیستیان لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- بە بێ زیاد وکەم.